چیرۆك

# دیاری بەژن



د. امین موتابچی

ئەوەندە دڵی پڕ بوو بوو خەریك بوو دەست بکا بەگریان ... لالـوگیـان   خێـرە بۆچی واخـۆت بێ تاقـەت کردووەو بە خۆرایی خەم دەخۆی؟
گوتی : بڕوام پێبکـە ئەوەی من ئەم ئێـوارەیـە دیم بڕوا ناکەم کەس دی بیتی و هەتا ئەو ڕۆژەی تورەکەی سەرم دەکەنەوە لە بیـرم ناچێتـەوە وەکـو نووسینی سەرکێلی شەهیـدەکانی گردی سەیوان لەناو دڵما نەخشی بەستووە. ئێوارە هەر وەکو هەموو جارێ لـەمـاڵ هاتـمـە دەرێ بە نیـازی ئەوەی بچمـە بەر دوکـانـەکـانی گەڕەکـە کەمـان نەختێ مێـوە بکـرم و چەنـد دۆستێکیشم کەوەکـو خۆم سەریـان ماش و برنجـە ببینم. کـە لەماڵ هاتمە دەرێو چەند هەنگاوێك ڕۆیشتم گوێم لە ورتە ورتێ بوو ئاوڕم دایەوە دوومناڵ خوشك وبرا بوون بەجل و بەرگێکی شڕ و پڕ و لەچـك کراو پێـلاو دڕاو بەنـاو قوڕەکـەدا دەڕۆیشـتن و ڕومـەتیـان وەکـوگـوڵاڵـەی ئاڵی بەهـاری کۆسـارانی کوردستـان لەسـەرمـادا سوور هەڵگـەڕابـوو من دەڕوییشتم و ئەوانیش بەدوامـا دیـار بـوو دەیان ویست بێن بۆ بەردوکـانـەکـان. ئێتـرمن نازانم کە گەیشتمـەبەر دوکانە کان لەپـاش تۆزێ لە دوکـانی یەکێ لەنـا سیـاوەکـانم دانیشتم و سەیـری پانتایی‌یەکەی بەر دەمی دەکانەکانم دەکردو مناڵەکانم لە بیرچووەوە
لەپـڕ نازانم چۆن سەرم هەڵبـڕی تەماشام کرد لەناو ئەو سنوقە گەورەیـەی کە چەنـد دەرگـایـەکی بۆسـەرەو کرا بوونـەوەو شارەوانی لە پانتایی‌یەکەدا لەبۆ ئەوەی خەڵك خۆڵ و پیسی ناو ماڵی تێ بکـەن، دای نابـوو هەرحـەفتـەی جارێـك خاڵیـان دەکـردەوە دووسـەر لەنـاو ئەوشتـەدا بەرز بوونـەوەو تەماشایە کیـان کردو نقـوم بوونەوە. بڕوا بکە وام زانی پشیلەت چونکە ئەوسنـوقـە هەمیشـە باشتـرین شوێنەبۆپشیلەی نەگبەتیش کە بگـەڕێ بەدوای مل و موشـا. زۆر جار پشیلەم تیـادا دیـوە کەچەپۆلەی بەرز دەکر دەوەو سەیری دەرەوەی دەکرد کاتێ کە گوێ لە دەنگی باخشبە یەك ببوایە.



نەخێر لەپاش توزێکی دی هەمان دووسەر بەرز بوونەوەو نەمان. کە چاوم توزێ قیچ کردەوەو سەیرم کرد، خوڵەوە دوو منالەکەن کەلە دوامەوە دەهاتن تومەز ترسەتیان هێناوەو چوونە تە ناو سنووقە خوڵەکەوە بەدوای شتی بەنرخ دا دەگەڕێن دەبێ تەنەکەی خوڵ جگە لەپیسی ومیکرۆب بەقسەی دوکتۆرو زانایان هیچی تری تیادا بێ لەوکاتەدا ئاوڕم دایەوە هەر توزێ لەولای ئەوسنوقەوە یەك دوو ئوتومبێلی تازە مۆدێل وەستان و چەند منداڵێکی پۆشتە پەردا خی خوایی داو دابەزین و هەر یەکەیان چەند شتێکی یاری بەدەستەوەیە ئالەبیرم چوو بڵێم چونکە یەك دوو ڕۆژی مابوو بۆجەژنی سەری ساڵ دابەزین لەگەڵ باوك و دایکی ڕێك وپێك داو خۆیان کرد بە موخازەیەکدا وگە لێ شتی شیرین و خوش کە هەموو منالێك حەزی لێ دەکاوە کو نەستەلەو یسکویت ـ یان کڕی و سوار بوون و بەگەشەو پێکەنینەوە بەرەومالی گەرم نەرم.

سەرێکم هەڵبڕی بۆئاسمان وگوتم خوایەگیان خۆتۆ بەحساب خوای هەموو لایەکی ئەمەت لەچی و ئەوەت لەچی باباتایە ناحەقی نەبوو دوو منالەکە هێشتا هەر خەریك بوون. دیار بوو کەجار جار سەریان بەرز دەکردەوە لەترسی ئەوە بوو مەبادا خوڵ وشتیان بکرێ بە سەردا. چونکە زۆر جار دەم بینی خەڵك بە ئوتومبیلە کەیانەوە دەهاتن وتورەکە ڕەشە پڕ لەپیس و خولیان دەها ویشتەناو سنوقەکەوە.

سەرت نەیەشێنم لە پەستی دالەبیرم چووەوە کە لەبەر چی بوو وا زوو هەڵسام و بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە. تەماشام کرد ئای خۆ لەوە دوو منالەکەن! لە پێشمەوەن کچەکەیان یەك گونێ لەو گونێ سپی یانەی کە برنجی لەمەریکی تیادا دێت پڕکردوە لەشت و براکەشی کەلەو بچوکتر بوو کارتونێك ناوی کورسی یەکی شکاوی منالانەی بەدەستەوە یەوە ستا بوون دیار بوو ماندوێتی خۆیان دەردەکرد. کچەکە خەریك بوو گونیکەی دەخستە سەرشانی تایرۆن. لە بەرخۆمە وە گوتم ڕۆڵە دیارە لەمەش دیاری جەژنی ئێوەیە.